کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان

ناوەندی هەڵبژاردن

ژمارە ( ٥ )

# فەتوای گەورە زانایانی ئیسلام

# لەبارەی شەرعیەتی هەڵبژاردن

ئامادەکردنی : ناوەندی هەڵبژاردن

وەرگێڕانی :مامۆستا دلێر گەرمیانی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

زۆرێك لە قوتابی زانستە شەرعیەكان پرسیاریان كرد لە( شێخ عبدالعزیز بن باز) ڕەحمەتی خوای لێ بێت ،

سەبارەت بە حوكمی چوونی زانا و بانگخوازان بۆ ناو ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی ڕاوێژكاران و بەشداریان لە هەڵبژاردنەكان لەو ولآتانەی كە حوكم بە شەرعی خوا ناكەن ،

جا ئەو مەرجانە چین بۆ ئەو بەشداریە ؟

وەلآم : ئەو چوونە ناو ئەنجومەنی ڕاوێژو ئەنجومەنی نوێنەران .. هاووێنەیان ترسناكە، بەڵێ چوونە ناو ئەنجومەنی ڕاوێژو نوێنەران ترسناكە ، بەلآم هەركەس بەشداری كرد بە بەر چاو ڕۆشنی و زانینەوە مەبەستی هەق و ڕاستی و ڕێنمایی كردنی خەڵكی بێت بۆ خێرو چاكەو بەربەست دروست كردن بێ بۆ ناشەرعیەكان و مەبەستی تەماعی دنیاو مووچە و بژێوی نەبێت بەڵكو تەنها بەمەبەستی سەرخستنی دینی خواو تێكۆشان لە پێناو ڕاستی و بەرپەرچ دانەوەو ڕێگرتن بێ لە بریارە ناشەرعیەكان بەشداری بكا ،

ئەو بەشداری كردنە بەم مەبەستە چاكەو هیچ شتێكی خراپی تێدا نی یە ، بەڵكو پێویستە بۆ ئەوەی ئەو ئەنجوومەنانە خالّی نەبن لە چاكەو خەڵكی چاك ، جا ئەگەر بەو مەبەستەوە بەشداربێت و خاوەنی زانست و بەرچاو ڕوونی بێ بۆ ئەوەی پارێزگاری بكات لە ڕاستی و بانگەشە بكات بۆ دەست هەڵگرتن لە ناشەرعی هەروەها بەو ئومێدەی خوای گەورە سوود بەخشی كات تاكو شەریعەتی خوا حوكم بكات شتێكی چاكەو بۆ ئەم مەبەستە خوای گەورە پاداشتی دەداتەوە لە سەر ئەو بەشداری كردنە ، بەلآم ئەگەر بەشداری بكات بە مەبەستی دنیاو تەماعی مووچە و پلەو پایەو كاركردن ئەوا جائز نی یە ،هەروەها ئەگەر مەبەستی لە بەشداری كردنەكە تەنها خواو پاشەڕۆژ و سەرخستنی حەق و ڕاستی و ڕوونكردنەوەی هەق بێت بە بەڵگەوە لە گەڵ بەر چاوڕوونی و بوونی زانستەوە ئەو كاتە ئومێد دەكرێ ئەو ئەنجوومەنانەبگەڕێنەوە بۆ لای و پەشیمان ببنەوە .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەروەها فەتوایەکی چاپ کراوی شێخ (بن باز) ڕەحمەتی خوای لیّ بیّ بلاّوکراوەتەوە لە گۆڤاری (لواء الاسلام) ژمارە ی سیّ ی مانگی (ذی القعدة) ساڵی ١٤٠٩ ھ - ١٩٨٩ ز .

ئەو فەتوایە شێخ (مناع القطان) گێڕاویەتیەوە لە کتێبی (معوقات تطبیق الشریعة الإسلامیة)

ئەو فەتوایە لە وەلاّمی پرسیاری کەسێکەوە هاتووە کە پرسیار دەکات سەبارەت بە شەرعییەتی خۆ پالاّوتن بۆ ئە نجوومەنی ڕاوێژکاری ، هەروەها حوکمی ئیسلام سەبارەت بە دەرهێنانی کارتی هەڵبژاردن بە مەبەستی هەڵبژاردنی برایانی لە خوا ترس و بانگ خواز و چوونیان بۆ ناو ئەو ئە نجوومەنە .

بەڕێزی لە وەلاّمدا فەرمووی :

بەڕاستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (إنما الإعمال بالنیات وإنما لکل امريء ما نوی) چوونە ناو ئەو ئە نجوومەنانە هیچ گوناهو و تاوانێکی تێدانی یە ئەگەر مەبەست لەو بەشداری یە پشتیوان کردنی هەق و ڕاستی بێت و ڕێگری کردنی لە ناڕاست و پەسەند نە کردنی بیّ ، چونکە ئەو جۆرە بەشداری یە سەرخستنی هەق و ڕاستی و چوونە پاڵ بانگخوازانی تێدایە ، هەروەها هیچ تاوانێك نی یە لە دەرهێنانی ئەو کارتانەی کە پشتی پیّ دەبەستن بۆ هەڵبژاردنی بانگەوازخوازان و پیاو چاکان ، سەرکەوتنیش تەنها لای خوای گەورەیە .

هەروەها شێخ (عبدالعزیز بن باز) ڕەحمەتی خوای لیّ بیّ دەفەرمووێت :

ئەوەی کە پێویستە هەڵیبژێرن و دەنگی بدەنیّ لە ناو پاڵێوراوە ئیسلامیەکاندا ئەوانەیانە کە زیاتر لێهاتوون و شایەنترن هەروەها کە زیاتر چاوەڕوانی بەدەست هێنانی بەرژەوەندیان بۆ موسڵمانان لیّ دەکریّ لە گەڵ ڕێگری کردنی هەرزەرەرو زیانێك و دوور خستنەوەی بە پێی توانایان ،هەروەها موسوڵمان لەگەڵ هەموو کەم وکوریيەکیدا چاکترە لە نا موسڵمان ، ئەگەر چی ئەو ناموسڵمانە وا پیشان بدات دڵسۆزە ، خوای گەورە دەفەرمووێت : (( وَلَعَبْدٌ مُّؤْمِنٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكٍ وَلَوْ أَعْجَبَكُمْ )) البقرە٢٢١

هەروەها هەڵبژاردنی ناموسڵمان و پێش خستنی بە سەر موسڵماناندا ئەوە سەرخستنی بیّ باوەڕانە بە سەر باوەڕداراندا ، ئەو کارەش ڕیّ پیّ نەدراوە و قەدەغە کراوە ، خوای گەورە دەفەرمویّت : (وَلَن يَجْعَلَ اللّهُ لِلْكَافِرِينَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ سَبِيلاً ) النساء١٤١

هەروەها شێخ (عبدالعزیز) ڕەحمەتی خوای لیّ بیّ دەفەرمووێت : ئەوەی کە پێویستە هەڵبژێرن و دەنگی بدەنیّ ئەوانەن کە زیاتر لیّ هاتوون و شایانترن .



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شێخ ( عبد الرحمن ناصر السعدی ) ڕەحمەتی خوای لێ بێ پێشەوای ناوچەی نەجد لە کاتی خۆیدا دەڵێ :
ئەوەی لێی تێدەگەین کە هەڵبژاردن و بەشداری کردن بە جائز دەزانین بەڵکو بە واجبی دەزانین ، لەوانەی کە فەرموویەتی : بەڕاستی ئەو جۆرە پەیوەندییانەی کە دەبێتە مایەی بەرگری کردن لە ئیسلام و موسڵمانان جائزە ئیجتهادیان تێدا دەکرێ ، بەڵکو پێ دەچێ واجب بێت چونکە چاك سازی داواکراوە بە پێ ی دەسەڵات و توانا .... ئەگەر موسڵمانان تێبکۆشن بۆ دەسەڵات و دەسەڵات بکەنە دەسەڵاتێکی کۆماری ( جمهورية ) کە تاك تاکی میللەت بتوانێ مافە ئاینی و ژیانیەکانی تیایدا بەدەست بێنێت ئەوا باشترە ، بەڵێ ئەگەر لە تواناداببێ ، دەوڵەت بۆ موسڵمانان بێت ، لە حاڵەتێکدا ئەوان فەرمان ڕەوای بن ئەوا ئەو گۆڕانە پێویست دەبێ ، بەڵام ئەگەر ئەو پلەیە لە توانادا نەبێت ، ئەوا ئەو پلەیە پێش دەخرێت کە بەرگری و پارێزگاری دین و ژینی تێدابێ .

ئەم پرسیارە لە بەڕێز شێخ ( محمد صالح العثیمین ) ڕەحمەتی خوای لێ بێ کرا
سە بارەت بە حوکمی هەڵبژاردنەکان کە لە کوەیت دا بەڕێوە دەچێت ؟ کە زۆربەی ئەو بانگخوازو ئیسلامیانەی کە بەشداریان کردووە ، لە دینیاندا تووشی فتنەو لادان بوون .
بەڕێزی وەڵامی دایەوە : کە ئەم هەڵبژاردنانە واجبن ، هەروەها پێویستە کەسانێك هەڵبژێرن کە خێرو چاکەیان تیادا دەبینین ، چونکە ئەگەر خەڵکی خێرخواز خۆیانی لێ دوا بخەن و خۆ دوور بگرن ئەوا ، خەڵکی شەڕخواز و خراپ و نەشیاو دەچنە جێگایان ، ئەوانەی خراپن و وەڵامی هەموو بانگێك دەدەنەوە ، کەوا بوو پێویستە ئەوانەی پیاو چاکن هەڵیان بژێرن . جا ئەگەر کەسێك وتی ئێمە ئەگەر کەسێك هەڵبژاێرین بەڵام زۆربەی ئەو ئە نجوومەنە پێچەوانەی ئەو کەسەبن . ئێمە دەڵێین ئەگەر ئەو کەسە خوا فەڕو بەرەکەت بخاتە کاریەوە و قسەی هەق و ڕاست بکات لە ناو ئەو ئەنجوومەنەدا ، ئەوا کاریگەری چاکی خۆی دەبێ .
بەڵام ئەوەی کە کەم و کوڕی ئێمەیە ، ئەوەیە کە ئێمە پێویستمان بەڕاست کردنە لە گەڵ خوادا ،چونکە ئێمە پشت دەبەستین بە شتەمادی و هەستیارەکانەوە و لاناکەینەوە لە وتەی خوای گەورە .
پاشان دەفەرمووێت : چی دەڵێیت سەبارەت بە پێغەمبەر موسا ( علیه السلام ) کاتێك کە فرعون بەڵێنی پێدا یان داوای لێ کرد پە یمانی بداتێ بۆ ئەو کاتەی کە هەموو جادوگەرو ساحیرەکانی بۆ کۆ دەکاتەوە ، جا پێغەمبەر موسا علیه السلام تەنها یەك قسەی پێ فەرموون ، فەرمووی :﴿ وَيْلَكُمْ لَا تَفْتَرُوا عَلَى اللَّهِ كَذِباً فَيُسْحِتَكُمْ بِعَذَابٍ وَقَدْ خَابَ مَنِ افْتَرَى ﴾ طه٦١



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەم قسەیە کاری کردە سەر نەتەوەیەکی گەورە، ئەو نەتەوەیەی کە سەرکردە کەیان- فیرعەون- لە خۆبایی ترین مرۆڤ بووە جامن دەڵێم گریمان ئە نجوومەنی ڕاوێژکار ( پەرلەمان ) تەنیا ژمارەیەکی کەم لە خەڵکی ڕاست و هەق ویستی تێدابێ بەڵام سوودو کەڵکیان هەر دەبێت بەڵام پێویستە لەسەریان ڕاست بکەن لەگەڵ خوای گەورەدا. جا ئەگەر بگوترێ ئە نجوومەنی ڕاوێژ جائز نی یە چونکە هاوبەشی کردنی فاسق و دانیشتنە لەگەڵیاندا!

دەڵێین: ئێمە دانانیشین لەگەڵیاندا بۆ پەسەندکردنیان، بەڵکو ئێمە لەگەڵیاندا دادەنیشین بۆ ئەوەی ڕاستییان بۆ ڕوون بکەینەوە وهەقیان تێبگەیەنین.

کەوابوو ئەوەی کەخێرو چاکەی تیادا بەدی دەکەیت هەڵیبژێرە و پشت بەخوا ببەستە.

هەروەها شیخ فەتوای داوە بۆ ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیانی زانستە شەرعیەکان کاتێ پرسیاری لێ کرا سەبارەت بەچوونە ناو ئە نجوومەنی ڕاوێژەوە، بەڕێزی فەرمووی :

(بچنە ناویەوە نابێ دەستی لێ هەڵبگرن بۆ عەلمانیەکان و لادەرەکان ).

شیخ (ناصروددین ئەلبانی ) ڕەحمەتی خوای لێ بێ- فەرموودەناسی وڵاتی شام لەوەڵامێکیدا بۆ بەرەی ڕزگاری خوازی ئیسلامی فەرموویەتی: ((من هیچ نابینم بەرگری بکات لە میللەتی موسڵمان، جا ئەگەر لەناو پاڵێوراواندا کە سانێك هەبن دژیایەتی ئیسلام بکەن و کەسانێکیش پاڵێوراوی پارتە ئیسلامیەکان بن کەبەرنامەی کاریان جیاوازە، ئەوا من ئامۆژگاریم بۆ هەموو موسڵمانێك لەم باردۆخەدا ئەوەیە کەتەنها ئیسلامیەکان هەڵبژێرن، ئەوانەکەبەرنامەو پرۆگرامی ڕاستیان گرتوە. ئەمەش لەڕووی کەم کردنەوەی شەڕو زیانە یان دوورخستنەوەی خراپەی گەورە بە خراپەی بچووك. (من باب تقليل الشر او دفع المفسدة الكبرى بالمفسدة الصغرى). یان پێشگیری کردن لە خراپەی گەورە ودوورخستنەوەی خراپەی بچووك .

دکتور (ناصر سليمان العمر ) بانگ خوازی ئیسلامی ناسراو، مامۆستای پێشووی تەفسیر لەزانکۆی (الإمام). دەفەرموێت: ((لەلێکۆڵینەوە لەگەڵ ژمارەیەك لە زانایاندا سەبارەت بەمەسەلەی بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانی گەیشتنە ئەوەی کە بەشداری کردن تیایدا جائزە، چوونکە ئەو بەرژەوەندییەی وەك دەردەکەوێ کەلە بەشداری کردندا بەرپادەبێ، ، گەورەترە لەو خراپەی کە چاوەڕوان دەکرێ.

بەهەمان شێوە شیخ (( عمر )) ئامۆژگاری کرد بەوەی کە :



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەشداری کردن لەم هەڵبژاردنانەدا پێویستە و دەبێ کەسانێك کەباس کراو و ڕازاوەبن بەبەهێزی و دەست پاکی هەڵبژێردرێن، وەك خوای گەورە دەفەرموێت ﴿إن خير من استأجرت القوى الامين﴾. بۆ ئەوەی ڕێگا بیرێت لەبەردەم ئەوانەی کە ئەو دەسەڵاتە بەکار دەهێنین بۆ ئاما نجی خۆیان یان بۆ مەبەستی دیکە .

هەروەها لیژنەی هەمیشەیی بۆ فەتوادان بەسەرۆکایەتی شیخ (بن باز) ڕەحمەتی خوای لێ بێ ،
ئاگاداری داوە سەبارەت بەم کارە، جا هەر کەسێ چاو بخشێنێ بەکتێبی (السياسة الشرعية)ی شیخ ول ئیسلام ابن تیمیەدا ڕەحمەتی خوای لێ بێ، ئەوا وەڵامی تەواوی قەناعەت و چارەسەری دەست دەکەوێت بۆ هاوشێوەی ئەم کێشە تازانە )) .
زانای دکتۆر ( محمد صالح المنجد ) یەکێکە لە زانا شەرع زانەکانی سعودیە.
دەفەرموێت: (( ئەمە لەو کارو بارانەیە کە فەتوا تیایاندا دەگۆڕێت بە پێ ی کات و شوێن و بارودۆخ وە بۆ ئەو هەموو شێوازە کە ڕوویداوە یان چاوەڕوانی ڕوودانی دەکرێ بڕیارێکی ڕەهای گشتی دەرناکرێ )).
کەوابوو لە هەندێ حاڵەتدا ڕێگا نادرێ بەدەنگدان، بۆ نموونە ئەگەر دەنگدانەکە هیچ سوودو کاریگەری نەبێ بۆ موسڵمانان، یان موسڵمانان هیچ کاری گەریان نەبێ لەدەنگدانەکەو دەنگدان و دەنگ نەدانیان یەکسان بێت، هەروەها ئەو کەسانەی کەدەنگیان دەدرێتێ ئەگەر حاڵیان وابێ دەنگ دان و دەنگ نەدان بۆیان یەکسان بێ، لەبەر شەڕو زیانیان بۆ مسڵمانان، یان یەکسانی هەڵوێستیان سەبارەت بەموسڵمانان.
ودەبێ بەرژەوەندییە شەرعییەکە ئەوە بخوازێ کە دەنگ بدرێ لەڕووی کەم کردنەوەی خراپەو زەرەروو زیانەوە، هەروەها ئەگەر پاڵێوراوەکان ناموسڵمان بن، بەڵام یەکێکیان دژایەتیەکەی کەمتر بوو بۆ موسڵمانان لەوانی دیکە کە دەنگدانی موسڵمانان کاریگەری هەبێ لەو بەشداریکردنە، ئەوا دەنگ دان هیچ گوناهی تێدا نی یە لەم حاڵەتەدا.
بەهەرشێوەیەك بێت، ئەمە لەمەسەلە ئیجتیهادیەکانە کە ڕاوەستاوە لەسەر بنەمای بەدەست هێنانی بەرژەوەندییەکان و پێشگیری کردن لە خراپەکان یان کەم کردنەوەیان، کە وابوو لەم جۆرە کارانە گەڕانەوە بۆلای ئەو زانایانەی کە شارەزان لەو نەریت و یاسایانەی کە پەیوەستن بەو کارەوە پێویستە، هەروەها پێویستە گرنگی ئەو باسەو بارودۆخ و یاساو ڕێسای ئەو وڵاتەی کە موسڵمانەکانی تێدا دژی لەگەڵ باسی پاڵێوراوان و گرنگی دەنگدان و سوودی بۆ موسڵمانان... هتد بە درێژی بخرێتە پێش چاوی ئەو زانایانەی کە شارەزان لەو بوارەدا. وەبۆ کەس نی یە بڵێت ئەوەی بڕیاری دەنگدانی داوە ئەوە بڕیاری کوفری داوە و پشتیوانی لە کوفر کردووە، چونکە ئەو بڕیارە بۆ بەرژەوەندی موسڵمانانە، نەك خۆش ویستنی کفرو شوێن کەوتوانی،



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کاتی خۆی موسڵمانەکان خۆش حاڵ بوون بەسەرکەوتنی ڕۆمەکان(الروم) بەسەر فارسەکاندا، هەروەك موسوڵمانان خۆش حاڵ بوون بەسەرکەوتنی نەجاشی بەسەر ئەوانەی ململانیٚ ی دەسەلاٚتیان لەگەڵ دەکرد لەحەبەشەدا، ئەم مەسەلە، ڕوون و ئاشکرایە لەژیان نامەی پێغەمبەردا (درودی خوای لێبێت)، بەلاٚم هەرکەس بییەویٚ خۆی لاداو وەرع بکات بۆی هەیە.

شیخ ی بەڕێز دکتور (سەلمان فەهدول عوٚدە) بەڕێوەبەری گشتی ماڵپەڕی ((الاسلام اليوم)):

پرسیار:

أ- ئایا جائزە ئەندامێتی لەناو ئەو ئە نجوومەنانەدا؟ ئەگەر جائزە، ئەو یاساو مەرج و شێوازەچین بۆ ئەو بەشدارییە؟

ب- حوکمی دەنگدان چی یە لەو هەڵبژاردنانەدا ، ئەگەر لە نێو پاڵێوراوەکاندا کەسانێکی موسڵمان هەبن؟

وەلاٚم/ سەبارەت بەئەندامێتی لە ئە نجوومەنی نوێنەران و ئەوانی دیکەدا، بەشێوەیەکی گشتی من وادەبینم ئەمە لەبابەتی کەمکردنەوەی خراپەیە یان بەدەست هێنانی هەندیٚ لەبەرژەوەندییەکانە یان گەڕانەوەی هەندیٚ هەق و مافە، هەروەك پێغەمبەری خودا (درودی خوای لێبێت) چۆتە پەنای ((ابوطالب)) پاشان پەنای ((مطعم کوڕی عدی)) بڕوانە (فتح الباری ٧/٢٣٣)،

هەروەها ابوبکر (خوالێی ڕازیبێت) چووەتە پەنای (ابن دغنه) بڕوانە (فتح الباری ٢٢٩٧) هەروەك ثابت بووە لە کتێبە صەحیحەکاندا.

کەوابوو بەشداری کردن دانپیانان نی یە بەوەی کە ئەو ئە نجوومەنانە مافی یاسادانانیان هەیە، هەروەها ئەوەش ناگەیەنیٚ کە باوەڕمان وابێت ڕێگای گۆڕین بێت، بەلاٚم ئەم بەشدارییە ڕەوایە لەڕووی سوود وەرگرتن لەو شتانەی کەشیاوە، جابەشێوەیەکی گشتی دەچێتە ناو ئەو بابەتانەی کە لە پێویستیە شەرعییەکانن ((الضرورات الشرعية)) . کەوابوو ئەم باسە باسێکی اجتهادیە، هەندیٚ لە زانایان بەحەلاٚڵیان زانیوەو وایان بینیوە بەشداری کردن تیایدا چاکترە لە دەست بەرداربوون لەو شوێنە گرنگانەدا، جا ئەمە ڕاوبۆچوونی (شیخ رشید رضا و احمد شاكر وبن باز) و کۆمەڵێك لە زانا لێکۆڵەرەوەکانن (المحققين)، هەروەها شیخ ئەلبانی دوور نی یە لەم ڕاوبۆچوونەوە، بەلاٚم هەندێکی کە لەزانایان وا دەبینن موسڵمانان خۆیان دووربگرن، و بەشداری کردن بەدان پیانان و ناڕاست دەزانن دەڵێن ئەمە پیٚ هەڵخلیسکانی بانگەوازخوازان بۆ لادان و بەرەو دواوە گەڕانەوەو تواندنەوەی بەرنامەکەیان، جا قسەبێژەکە وادەبینیٚ ئەم باسە بەرفراوانترە و بیانوش دادەنیٚ بۆ هەریەك لەو دوو تاقمە، هەروەها ڕای لەبەشداری کردنێکی لێکۆڵراوەی ڕێك و پێکە. خوای گەورەش پشتیوانی پیاو چاکانە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەو یاساو نەریتانەی هەن بۆ بەشداری کردن ئەمانەن :

١- باوەڕی وانەبێ کە مافی خۆیەتی، یان مافی هیچ کەسێکی کەیە کە یاسا دابنێ- مەگەر لە چوارچێوەی شەرع دابێ-، جگە لەخودا، چونکە یاسا دانان، حەلاڵ کردن یان حەرام کردن، بەڕاست دانان یان پووچەڵ کردنەوە، هەق و مافی خوای گەورەیە، کە وابوو ڕەوا نی یە بۆ هیچ موسڵمانێك باوەڕی بەخواو بەڕۆژی دوایی بێت، ڕازی بێت یان دان بنێت بەوەی کەسێك ئەو مافە بۆ خۆی داگیر بکات، یان بانگەشەی بۆ بکات، خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿إن الحكم الا لله﴾ يوسف ٤٠-٦٧ .

٢- باوەڕی وابێت کە ئەو بەشداری کردنە هۆیەکە بۆ کەمکردنەوەی شەڕو خراپە یان بەدەست هێنانی هەندێ بەرژەوەندی بۆ مسوڵمانان، وەخۆی لە خۆیدا ئامانج و مەبەست نی یە، چونکە بەرنامەی شەرع سیستمە گشتیەکەی پێویستی بەمەنیە ئەگەر خەڵکی بزانن و جێ بەجێ ی بکەن، بەلام لەبەر لادانی خەڵکی وپشت هەڵکردنیان ئەو کاروبارە گیروگرفتیان بۆ هاتۆتە پێش،کەوابوو کارەکە پێویست بەو بەشداری کردنە دەکات، ئەمە دوور لە بنەما شەرعیەکان لەکاتی ئاساییدا بەلام پێویستە شەرعییەکان (الضرورات) داوای دەکات وەك باسمان کرد.

٣- بەشداری ئەم ڕێوڕەسمە نەکات مەگەر ئەوانەی کە بەبەشدارییان بەرژەوەندییەکان دەچەسپێت و خراپەکان دوور دەخرێتەوە بە پێ ی توانا، هەروەها ئەم بەشداری یە بەرنامەی بانگ کردن و پەروەردەکردن یان نەبێت و ئەوانەی کە لاوازن و ترسی تووش بوونی فتنەو شەڕو زیانیان لێ دەکرێ نەچنە ناویەوە وبەشدارنەبن، هەروەها ئەوانەی کە هەلی چاکەکردنیان دەست کەوتووە لە بوارە جیاجیاکان دا کە بەسوود ترو بەردەوام ترە لەو بەشدارییە، بانەچنە ناو قوڵای ئەم کارەوە. بەڵکو کەسێکی بۆ دەست نیشان بکەن کە مەرجەکانیان تێدا جێ بەجێ بێت.

تەنها خواشە یارمەتی دەر.

زانای بەڕێز دکتۆر سفرعبدالرحمن الحوالی    مامۆستای پێشووی عەقیدە لە زانکۆی (أم القرى).

سەبارەت بە چوونە ناو هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی شارەوانی لە سعودیە و بەشداری کردن تیایدا،. دەفەرمویێت: پاش بەئاگابوونم لە سیستمی هەڵبژاردنەکان و دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەن و پاڵێوراوان، وا دەبینم بەشداری کردن تیایدا باشترە، چوونکە من هیچ بەربەستێکی شەرعی نابینم لەو بەشداری کردنە، بەڵکو بەرژەوەندی لەوەدایە کە دەسەڵات بدرێتە کەسێکی دەست پاك و شایستە لەو کارانەی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەو شتانەوە هەیە کە پێویستی خەڵکین و جێگای گرنگی پێدانیانە. جا ئەگەر هیچ شتێك



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەو بەشداری کردنە بەدەست نەیەت تەنها کەم کردنەوەی خراپەو کەم کردنەوەی بە فیڕۆدانی سەروەت و سامانی گشتی نەبێت، ئەوا بەسە،
لەگەڵ ئەوەش دا ئەو ئەنجوومەنە کاریگەریەکی بەجێ و باش و ڕوونی هەیە، هەروەها ئەو بەشدارییە هەنگاوێکە پێویستە بنرێت بۆ بەهێزکردنی هۆکارەکانی چاکسازی و لاوازکردنی هۆکارەکانی خراپەکاری. جاله ئایندەدا بەپێ ی یاسای گەشەکردن و پەرەسەندن سەر ڕادەکێشێ بەرەو چاکسازییەکی گەورەتر. بەیارمەتی خودا. بەڵام هەڵوێستی ئەوانەی کە خۆگێل دەکەن یان ڕازی نابن و وەری ناگرن من هیچ پەسەندی و تایبەت مەندییەکی تێدا نابینم، هەروەها هیچ بەرژەوەندییەکی لێ وە نایەتە بەرهەم. ئەمە بۆ چوونی منە بەکورتی و لەهەندێ چاوپێکەوتندا بە درێژی ڕوونم کردۆتەوە.

مامۆستا و دکتۆر (عبدالكريم زيدان) زاناو شەرع زانی گەورەی عێراق، ڕاگری پێشووی کۆلێژی حقوق لە زانکۆی بغداد، کەخاوەنی چەندین نووسین و لێکۆڵینەوەی پەیوەست بەباسی هەڵبژاردنەکان و شەرعییەتیەوەیە، کە لە پەڕاوە بەنرخەکەی دا ((الدولة والفرد في الشريعة الاسلامية)) ، ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کەلە پێشەوەی مافەکانی تاك لە دەوڵەتی ئیسلامی دا ئەوەیە کە مافی هەڵبژاردنی سەرۆك وڵاتی هەیە، چونکە سەرۆکی وڵات کەسێکە میللەت هەڵیدەبژێرێت و لێپرازی دەبێت، جا ئەویش شەرعییەتی خۆی لەو هەڵبژاردن و ڕازی بوونەی میللەت وەردەگرێت، هەروەها تاکە تاکی کۆمەڵ مافی ئەوەیان هەیە سەرۆکی ووڵات هەڵبژێرن و ئەوەی هەڵیدەبژێرن بۆ ئەو پلەیە، ئەو سەرۆکی شەرعی وڵاتە، زانا و فەقیهەکان ئەم ڕایەیان ڕاگەیاندووە و خستوویانەتە ڕوو لە وتە ڕوونەکانیاندا،
سەبارەت بەم باسە ئەو ووتەیەیە کە دەفەرموون: ((هەر کەسێك موسڵمانان لەسەری یەك ڕابن بۆپێشەوایەتی و پەیمان پێ دانی ئەوە پێشەوایەکی دامەزراوە وە واجبە یارمەتی بدەن )).
هەروەها دەفەرموون: (( پێشەوایەتی دادەمەزرێ بەبەیعەت و پەیمانی خەڵکی نەك بەبەڵێنی پێشوو )).
کەوابوو بنچینەی ئەم ڕاستی یە ڕادەوەستێ لەسەر بنەمای ڕاوێژکردن ئەو بنەمایەی کە شەریعەتی ئیسلام پەسەندی کردووە.
هەروەها شيخ مناع القطان- خوا بیپارێزێ..سەرۆکی پەیمانگای ((القضاء))ی باڵا لە شانشینی عەرەبی سعوودی لە کتێبەکەی دا بەناوی ((معوقات تطبيق الشريعة الاسلامية)) بەرگری کرد لەبەشداری کردنی بزووتنەوەی ئیسلامیی لە پەرلەمان و فەرمووی :
((بەشداری کردن لە ئەنجوومەنی پەرلەمان ئەوە ناگەیەنێت بەشداری کردن بێت لە دانانی ئەو یاسایانەی کە خوا داینە بەزاندووەو نەی ناردۆتە خوارەوە ))، چوونکە ئەو ئەندامە بە ئاشکرا و ڕاشکاوی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نارەزایی و بەر هەڵەستی خۆی ڕادەگەنیٚ لەناو ئەو دەستەیە هەروەها حوکمی ئیسلامیش ڕادەگەیەنیٚ و ئاشکرای دەکات. ڕادووەستیٚ  لەسەر بەرپرسیاریێتی کۆمەڵ لە جیٚ بەجیٚ کردنی بڕیارەکانی شەرع و بەرێوەبردنی کارەکانیان بە پیٚ ی ئەو بڕیارانە.

دکتۆر عبدالکریم  خوا بیپاریزیٚ دەفەرموویێت: (( وأمرهم شوری بینهم ))، جا ئەمە دەقیێکی ڕوونە لەسەر ئەوەی کاروباری موسڵمانان بە تایبەت گرنگەکانی لە ڕیێگای ڕاویژکردنەوە بە ڕیێوەچیێت، بیٚ گومان پلەو پایەی سەرۆك ولاٚت لە کارە گرنگەگانە، کە پیێویستە ڕاویژکردنی تیێدا بەرپابیٚ، چونکە ئەو کارە جیێگای گرنگی پیێدانی هەموو لایەکە بە گشتی، هەروەها پەیوەستە بەناخ و ناوەڕۆکی ئیش و کارەکانیانەوە، کە وابوو پیێویستە ڕایان هەبیێت سەبارەت بەو کەسەی کە دەبیێتە دەسەلاٚت داریان، جا ڕاویێژکردن پیێویستە لەگەڵ هەموو کەسیێك کە ڕای خۆی دەربڕیٚ سەبارەت بەو کەسەی دەیەویێت هەڵیبژیێریٚ بۆ سەروکی ولاٚت.

پاشان دکتۆر ڕوونی کردۆتەوە کە هەڵبژاردن دەبیێتە دوو بەشەوە:

هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆو هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆ.

دکتور عەبدول کەریم دەفەرمویێت: ((ئەگەر گەل و نەتەوە مافی هەڵبژاردنی سەرۆکی ولاٚتیان هەبیێت- وەك باسمان کرد- ئایا چۆن دەست بەکاربن لە جیٚ بەجیٚ کردنی ئەو مافە بە شیێوەیەکی کرداری )).

ئایا تاك  تاکی گەل دەستی بدەنیٚ؟ یان کۆمەڵیێك کە لەلایەن گەلەوە ئەو دەسەلاٚتەیان پیٚ سپیێراوە.

لە ڕاستی دا لە شەریعەت دا سیستمیێکی دیاری کراوی ڕوون نا بینین کەگەل بۆچۆنیێتی جیٚ بەجیٚ کردنی ئەو مافەی کە هەیەتی لە هەڵبژاردنی سەرۆکی وولاٚت، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ڕیێکخستنی ئەو هەڵبژاردنە بە جیێهیێڵراوە بۆ تواناو هەڵسەنگاندنی گەل بە پیٚ ی کات و شویێن و هەل و مەرجیان.

جا دەگونجیٚ هەڵبژاردنەکە بەشیێوەیەکی ڕاستەوخۆ بیٚ یان ناڕاستەوخۆ. وەهەردوو شیێوازەکە لە ناو قاعیدە شەرعیەکاندا جیٚ ی دەبیێتەوە. هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ پاڵپشتی خۆی لەم ئایەتەدا دەبینیٚ ﴿وأمرهم شوری بینهم﴾، جا ئەوەی کە دیارە لەم دەقەدا، ئەوە پیێویست دەکات کە تاك تاکی گەل لە ئیش و کارەکانیاندا ڕاویژ بەیەك بکەن، لەوانە هەڵبژاردنی سەرۆکی ولاٚت پیێویستە هەموویان تیێکڕا هەستن بە جیٚ بەجیٚ کردنی ئەم مافە مەگەر کەسانیٚ کە لاخراون تیایاندا بەبەڵگەی شەرعی وەك منداڵ و شیێت و ناموسڵمان،

هەروەها امامی رازی لە تەفسیرەکەیدا پشتگیری بۆچوونەکەمان دەکات کە بریتی یە لە بەشداریکردنی تاك تاکی گەل لە هەڵبژاردندا و لە ڕاڤەکردنی ئایەتەکەدا دەفەرمویێت: ((ئەگەر ڕووداویێك ڕووی داو کۆبوونەوەو ڕاویێژی یەکیان کرد، ئەوا خوای گەورە ستایشیان دەکات، واتا جیانابنەوە لە بۆچوونیان بەڵکو ئەوەی لەسەری یەك دەنگ و کۆ نەبن بڕیاری لەسەر نادەن )).



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەڵام هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆ پشتیوانی لە ڕووداوە پێشینەکانی مێژوو ڕووداوە دانپیانراو وڕاست و بڕیار لەسەر دراوەکاندا دەبینیٚ لەسەردەمی خەلیفەکانی راشیدین، ئەو سەردەمەی کە چاکترین سەردەم بوو لە ڕووی تێگەشتن و جیٚ بەجیٚ کردنی ئیسلامەوە. بە ڕاستی ئەو خەلیفە بەڕێزانە لەلایەن کۆمەڵیٚ لە ئومەتەوە کە پێیان دەوتریٚ دەستەی (الحل والعقد) هەڵبژێردان، پاشان خەڵکی مەدینە شوێنییان کەوتن و پەیمانیان دا بەو کەسانەی هەڵیان بژاردن بۆ سەرۆك وڵات، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو سەرۆکانە هەڵنەبژێراون لە لایەنی هەموو موسڵمانانەوە لە هەموو شارە ئیسلامیەکاندا، هیچ نارەزاییەکمان بۆ نەگێڕراوەتەوە سەبارەت بەو شێوازە هەڵبژاردنە، نەلە خەلیفەکانی ڕاشیدین و نەلەخەڵکی کە، کەوابوو ئەوان یەك دەنگن (اجماع) سەبارەت بە هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆ بۆ دیاری کردنی سەرۆك وڵات. هەروەها ئێمە پاڵپشت بۆ هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆ، لە مافی گەل بۆ پەسەندکردنی سەرۆکەکەی دەبینین، جالەبەر ئەوەی گەل خاوەنی ئەم مافەیە ، بۆی هەیە ڕاستەوخۆ دەست بەکار بێت لە جیٚ بەجیٚ کردنی مافەکەی، یان بەهۆی کەسانێکەوە کە نوێنەرایەتی بکەن،وەك چۆن پێویست ناکات خاوەن ماف خودی خۆی دەست بەکار بیٚ بۆ جیٚ بەجیٚ کردنی مافەکەی، بەڵکو بۆی هەیە بریکاریٚ بۆ خۆی دابنێت.

بەڕاستی شەرع زانەکان (الفقهاء) دانیان ناوە بە هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆ و پەسەندیان کردووە، چونکە ئەوان ئەوەیان ڕاگەیاندووە کە سەرۆکی وڵات دەستەی (الحل والعقد) هەڵیدەبژێرێت، کەوابوو پێویست ناکات هەموو گەل بەشداری هەڵبژاردنەکەبن،

ابن خەلدون لە پێشەکیەکیدا دەفەرمووێت: (( ئەگەر بڕیار وابیٚ کە ئەم پلەیە- دانانی خەلیفە- واجب بیٚ بەیەك دەنگی زانایان (اجماع) ئەو واجبە لە فەرزەکیفایەکانە و دەگەڕێتەوە بۆ لای دەستەی (الحل والعقد) و پێویستی دەکات لەسەریان دانانی خەلیفەو پێویستیش دەبێت لەسەر میللەت گوێڕایەڵی کردنی خەلیفە )).



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

فەتوای لیژنەی هەمیشەیی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستە شەرعییەکان و فەتوادان.

هەندێ موسوڵمانی گەنج لە ڕێگای ئەنترنێتەوە نامەیەکیان ئاڕاستەی شێخ سلمان عوّدە کردووە تیایدا سەبارەت بە حوکمی بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکان لە عێراق دا، بەڕاستی ئەویش پرسیارەکەی نارد بۆ دکتۆر سعود عبدالله النفیسان ئەندامی دەستەی مامۆستایان لە کولێژی پێشەوا محمد کوڕی سعود ی ئیسلامی، جا بەڕێزی وەڵامی دایەوە بە: ((هەموو هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی وپەرلەمان و شارەوانی شێوازێکی تازەیەو ممارەسەکردنی واتای ((السياسة الشرعية)) یە، جا چوونە ناو ئەو هەڵبژاردنانە جائزە، ئەگەر مەبەست لەو بەشداریە چاك بێت و بەرنامەی هەڵبژاردنەکەو مەرج و هۆکارەکانی چاك و تەواوبێت و پێچەوانەی هیچ دەقێکی شەرعی نەبێت، بەڵکو پێ دەچێ چوونە ناو هەڵبژاردنەکان واجب بێت بۆ بەدەست هێنانی بەرژەوەندییە شەرعی یەکان ،یان بەرگری کردن لەو خراپە چاوەڕوان کراوانە یان کەم کردنەوەیان، جا بەشێوەیەکی گشتی حوکمی چوونە ناو هەڵبژاردنەکان حوکمی فەرمان بە چاکەکردن و قەدەغەکردن لە خراپەی هەیە، هەروەها پێویستە ئەوە بزانرێت کە چوونی موسڵمانان بۆ هەڵبژاردنەکان لە عێراق بەرژەوەندییەکی زۆریان بۆ بەدەست دەهێنێ لە وانە:

١- ئەمە دەست پێشخەرییەکی چاکە و یەکەمین ئەزموونە بۆ گەلانی عێراق، هەروەها هەستانە بەئەنجام دانی بنەمای ((چاودێریکردن واتا: چاودێری کردنی نرخ وکێش و تەرازوو.... هتد))، ئەو دوو بنەمایەی کەدەیان ساڵە وون بوون لە کۆمەڵگای عێراقدا.

٢- بەڕاستی ئەم هەڵبژاردنە هەر چەندە سنووردار بێت مەشق و ڕاهێنانێکی کرداریە بۆ بەشداری کردنێکی فیعلی چاوەڕوان کراو لە کۆمەڵگای عێراقدا لە پاش ڕۆشتنی ئەمریکای داگیرکەر بەم نزیکانە إن شاء الله .

٣- بەشداری کردن بەرژەوەندییەکەی پەسەندترو باشترە بۆ پاراستنی دین و یەکێتی کۆمەڵگا هەروەها بۆ جێگیر بوونی کۆمەڵگاو ئەمن و ئاسایشی.

٤- بەشداری کردنی بانگخوازان لە هەڵبژاردنەکاندا ڕێگایان دەدات بۆ خستنە ڕووپیشان دانی بانگەکەیان بۆ خەڵکی بە شێوازێکی کرداری و هەروەها نزیکیان دەکاتەوە لە جەماوەرو بانگەکەیان خۆشەویستیان دەکات لەلای جەماوەر.

لە کۆتاییدا پێویستە ئەوە بزانرێت کە چوونە ناو هەڵبژاردنەکان بەهەر شێوەیەك بێت کارێکی سیاسی یە و سیاسەتیش بێ گومان بەشێکە لە ئایین.

سەبارەت بە ئافرەتانیش فەرمووی: ئەوەی داواکراوە لە پیاوان لە ئافرەتانیش داواکراوە لە بڕیارەگشتیەکاندا لەڕووی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابووری یەوە... هتد. مەگەر بڕیارێك تایبەت کرابێت



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بە پیاوانەوە جگە لە ئافرەتان، بەڵام لەبەر ئەوەی دەنگ دان لە هەڵبژاردنەکان تەنها ڕادەربڕینە و دەنگ دەر دەسەڵاتی خۆی تێدا ببینێ ئەوا جائز نی یە ئافرەتان مەنع بکرێن لەو دەنگ دانە و هەروەها ئەگەر مەرجەکانی پاڵێوراو لە ئافرەتدا پێکهات ئەوا جائزە بۆی بچێتە ناو هەڵبژاردنەکان      والله اعلم.

دکتۆر سعود عبدالله الفنیسان ڕاگری پێشووی کۆلێژی شەریعەت لە زانکۆی پێشەوا محمدی کوری سعودی ئیسلامی.

پرسیار: السلام علیکم، پاشان لەلای ئێمە لەوڵاتی جەزائیر فەتوای قەدەغەبوون و حەرام بوونی سیاسەت و هەموو ئەوشتانەی پەیوەندییان بەسیاسەتەوە هەیە بلاوبۆتەوە، ئەمە لە کاتێکدایە ئێمە نزیکی کاتی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمارین.

جا زۆرێك لە برایانمان بە تایبەت لاوان کەوتوونەتە گومانەوە ئایا بەشداری هەڵبژاردن بکەن یان نا، بەهیوای وەڵامین، والسلام علیکم.

وەڵام: الحمد لله والصلاة والسلام علی رسول الله: وبعد: وعلیکم السلام ورحمة الله وبرکاته.

سیاسەت بەشێکی گرنگە لە ئاین، هەروەها ووشەی یەکتاپەرستی (لااله الا الله) هەرهەمووی سیاسەتە لە پیتی لامەوە هەتاکو پیتی هاء ، ئەم ووشەیە هەموو جۆرە کانی طاغوت ڕەد دەکاتەوە، لە داروبەردوبت وبیرو بۆ چوون و بەرنامەو ڕێبازەکان و کەسایەتی و سەرۆك و گەورەکان...، جا هەر کەس باوەڕی وابێت کە ئاین لە سیاسەت جیایە، یان ئاین لە ژیان جیابکاتەوە لە حاڵەتێکدا کە بزانێ قسەکەی چی دەبەخشێ و چی دەگەنێ ئەوا بێ باوەڕەو دەرچووە لە بیروباوەڕی ئیسلامی. چۆن لە ئایندا سیاسەت نی یە، کە زۆربەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز سەبارەت بە جیهادوتێکۆشان لە پێناوی خوادا دەدوێ ئایا جیهاد لووتکەی هەرە بەرزی ئیسلام نی یە؟ کەناخ و کرۆکی سیاسەتە، جا ئەوانەی نکۆڵی لە چوونە ناو هەڵبژاردن دەکەن، ئەوە بێ ئاگاییان بەرانبەر بەبڕیارە گشتیەکانی ئیسلام و بەتایبەت بڕیارەکانی (حسبە) زاڵە بەسەریانەوە و گومانیان وابردووە کە چوونە ناو ئەو هەڵبژاردنانەی کە دەبێتە هۆی چوونە ناو ئەنجوومەنی یاسادانان (پەرلەمان)، ئەو ئەنجوومەنەی کەزۆر جار ئەوەی کە خوای گەورە قەدەغەی کردووە ئەوان حەڵاڵی دەکەن و ئەوەش حەڵاڵی کردووەو ئەو ئەنجوومەنە قەدەغەو حەرامی دەکەن، شتێکی خراپە.

جائێمە دەڵێین هەندێ لەو ئەنجوومەنانە کەوادەکەن خۆئەگەر موسڵمانی تێدا بێ بە ئەندام ئەوا قەدەغەکردنی خراپەو نکۆڵی کردن لێ ی و فەرمان کردن بەچاکە واجب دەبێت لەسەری. لەوەش



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

توشی خێر دەبێ هەروەها ئەگەر بیرو بۆ چوونی خەڵکی پووچ و ناڕاست زاڵ بوو لە کاتی دەنگدانەکە، ئەوکاتە واجبی ئەندامە موسڵمانەکانە پارێزگاری کردن لەو دەنگدانە. ئا ئەوکاتە هیچ گوناهێکی لەسەر نابێت ان شاء الله بەڵکو پاداشتی هەیە چونکە قسەی ڕاستی داوەتە گوێی خەڵکانی پووچ و ناڕاست ئەگەر چی بەقسەشی نەکەن و پێ ی هەڵنەسن،
خوای گەورە بە پێغەمبەر (درودی خوای لێبێت) دەفەرموویێت: (( إن عليك الا البلاغ)) الشورى ٤٨، هەروەها دەفەرموویێت: ((إنك لاتهدى من احببت ولكن الله يهدى من يشاء)) القصص ٥٦.
کەوابوو ئەگەر خەڵکی خێرخواز وچاك ساز دەست هەڵگرن لە چوونە ناو ئەو هەڵبژاردنانە ئەوا یەك لادەبێتەوە بۆ خەڵکی شەڕخوازو پووچ و گەندەڵ، سەرەڕای ئەمانە پێغەمبەر سەلامی خوای لەسەر بێت بەشداری کۆڕو کۆبوونەوەکانی قورەیشی دەکرد و سەردانی شوێنی کۆبوونەوەکانیانی دەکرد لەگەڵ ئەو بێ باوەڕی و هاوەڵدانان و خراپی و گومڕاییيانەدا. هەموو ئەوانە لە پێناو ئەوەدا ووشەی ڕاست و چاکەیان پێ ڕابگەیەنێت.جا ئەگەر پێغەمبەری خوا (درودی خوای لیبیت)، لەگەڵ هاوەڵاندا (خوا لێیان ڕازیبێت) خەریکی نوێژو نزاو پاڕانەوە بوایە و دەستەکانیان بەرزبکردایەتەوە بۆ ڕێنمایی کردن و هیدایەت دانی قورەیش و پاشان گۆشەگیریان بکردایە، ئەوا ئەوکاتە پەیامەکەی خوای گەورەیان ڕانەدەگەیاند.
ئەوەتا لە فەرموودەدا هاتووە: (( الذي يخالط الناس ويبصر على اذاهم خير ممن لايخالطهم ولا يبصر على اذاهم)) ترمزی ڕوایەتی کردووە (٢٥٠٧)، وابن ماجه (٤٠٣٢) و احمد (٥٠٠٣) .
کەوابوو چوونە ناو هەڵبژاردنەکان لەم کاتەدا لە پێشەوەی واجبە شەرعیەکاندایە بۆ دژایەتی کردنی نا هەقی و کەم کردنەوەی زەرەروزیانی بەلای کەمەوە، جا کەوابوو پێویستە لە سەرتان چوونە ناو ئەو هەڵبژاردنانە، خواسەرخەرو پشتیوانتان بیت، بە ئومێدی پاداشتی لای خواو زیادکردنی ژمارەو سێبەری خەڵکی چاکی ناو ئەو ئەنجوومەنە و هەروەها بۆ چەسپاندنی ڕاستی و پووچ کردنەوەی ناڕاست بەپێ ی هێزو توانا، بۆ ئەوەی قسەی خواتان بەسەردا بچەسپێ کە دەفەرموێ ﴿اتقوا اللة حق تقاته ولاتموتن الا وانتم مسلمون﴾ ال عمران ١٠٢. هەروەها ﴿تأمرون بالمعروف وتنهون عن المنكر وتؤمنون بالله﴾ ال عمران ١١٠. خوای گەورەش سەرخەرو پشتیوانتان بێت لە هەنگاوەکانتان سەرکەوتوتان بکات امین.

هەروەها پرسیارکراوە لە بەڕێزی: (( ئایا جائزە موسڵمان نوێنەرێکی کافر هەڵبژێرێت؟ ئایا ئەو کەسەی بۆ بەرژەوەندییەك نوێنەرێکی کافر هەڵبژێرێت کافر دەبێت؟)).



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وەلام/ ئەگەر ئەو موسڵمانە ئەو کافرە هەڵبژێرێت بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی بکات لە ئەنجوومەنی نوێنەران دا چۆن وادەبینێ لێ ی توانای نوێنەرایەتی و بریکارێتی هەیە بۆ ئەوانەی هەڵیان بژاردووە، هەروەها پارێزگاری دەکا لە مافەکانیان، ئەوا جائزە و حەڵاڵە بەتایبەت ئەگەر موسڵمانان کە مینەبن.

چوونکە سەرخستنی کافر بۆ موسڵمانان ڕەوایە و هیچ تاوانێکی تێدا نی یە بۆ موسڵمان ئەگەر ئەو سەرخستنە هیچ تێگیران و دژایەتییەکی تێدا نەبێ لەگەڵ بیروباوەڕی موسڵماناندا، چۆن کافرو بێ باوەڕ هەندێ جار غیرەتی خزمایەتی یان تیرەو هاوڵاتیەتی یان پارتایەتی ئەم هۆیانە و هەر هۆیەکی کە هانی دەدات بۆ پارێزگاری کردن لە موسڵمانان، ئەوەتا پێغەمبەر شعیب (سەلامی خوای لیبیت) بەهۆی تیرە کافرو بێباوەڕەکەیەوە خۆی پاراست لە دوژمنانی، خوای گەورە دەفەرموویت : ﴿ ولولا رهطك لرجمناك وما انت علينا بعزيز قال ياقوم ارهطي اعز عليكم من الله واتخذتموه ورائكم ظهريا، إن ربي بما تعلمون محيط﴾

جا بەم بۆنەیەوە ئەوەت پێ ڕادەگەیەنم کە شیخ عبدالرحمن ناصر السعدی ڕەحمەتی خوای لیبیت فەرموویەتی : (( بەڕاستی ئەو جۆرە پەیوەندییانەی کە دەبێتە مایەی بەرگری کردن لە ئیسلام و موسڵمانان هیچ زیانی نی یە و کۆشش کردن تیایدا جائزە، نا بەڵکو پێ ی دەچێ واجب بێ چونکە چاك سازی داواکراوە بەپێ ی دەسەڵات و بۆلوان و توانا کە وابوو ئەگەر موسڵمانان ئەوانەی لە ژێر دەسەڵاتی کافردان تێبکۆشن بۆ ئەوەی دەسەڵات بکەنە دەسەڵاتێکی کۆماری (جمهوريه) کە تاك تاکی میللەت بتوانێ مافە ئایینی ودنیاییەکانیان تیادا بەدەست بێنن ئەوا باشترە لە ملکەچ بوونیان بۆ دەوڵەتێك کە دەست بگرێت بەسەر هەموو مافە دینی و دنیاییەکانیاندا و سوور بێت لەسەر ئەوەی لە ناویان بەرێت و بیان کاتە کۆیلە و خزمەت کاری خۆیان، بەڵێ ئەگەر لە تواناداا بێ دەوڵەت بۆ موسڵمانان بێت، لە حاڵەتێکدا ئەوان فەرمان ڕەوای بن ئەوا ئەو گۆڕانە پێویست دەبێت، بەلام ئەگەر ئەو پلەیە لە توانادا نەبێت، ئەوا ئەو پلەیە پێش دەخرێت کە بەرگری و پارێزگاری دین و ژینی تێدابێت،.. )) .

جا ئەگەر هەڵبژاردنی ئەو نوێنەرە کافرە بەرژەوەندییەکی دنیایی بۆ موسڵمانان بەدەست بێنێ ئەوە جائزە إن شاء الله .

بەلام ئەگەر ئەو هەڵبژاردنە لەبەر خۆشەویستی بیروباوەڕەکەی بێت یان ئەو کفرەی کە ئەوی لە سەرە ئەوا پاش گەزبوونەوەیەو دەرچوونە لە ئیسلام و، موسڵمانی پێ کافر دەبێت خواپەنامان بدات، والله اعلم....



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com